**هەڵسەنگاندنی کتێب**

**وانەی: لێکۆڵینەوە لە مێژووی هاوچەرخی وڵاتانی عەرەب**

**مامۆستای وانەبێژ:**

**ئامادەکردنی:**

**ناوی کتێب: القومیه العربیه، الامه و الدوله فی الوطن العربی، نظره تاریخیه.**

**مرکز دراسات الوحده العربیه، بیروت، الطبعه الاولی، ٢٠٠٢.**

**نووسەر: پرۆفێسۆر دکتور یوسف الشویری**

وەک دام و دەزگا چاپەمەنییە زانستی و ئاکادیمییەکان باس دەکەن واپێدەچێ کە ئەم کتێبە یەکێک بێ لە کتێبە هەرە دەوڵەمەندەکان، کە تاکۆ ئێستا لە بواری مێژووی دروستبوون و گەشە سەندنی هەستی نەتەوایەتی لە جیهانی عەرەبیدا نووسرابێ. نووسەری زانا و پڕبەرهەمی ئەم کتێبە **"پرۆفێسۆر دکتور یوسف الشویری"** لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری بەیروتی لوبنان لە دایکبووە و ساڵی ١٩٨٦لە زانکۆی کەمبریج لە زانستی رۆژهەڵاتناسیدا دکتۆرای هێناوە و لە هەمان ساڵیش بەدواوە لە ژمارەیەک لە زانکۆ ناودارەکانی ئەورووپی و ئەمریکی و تەنانەت رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش وانەکانی رۆژ هەڵاتناسی، مێژووی نوێ عەرەب و مێژووی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گوتووتەوە لە وانە: زانکۆی کەمبریج، ئەکسفۆرد، ئێگزێتێر، بیرمێنگام، پرینستون، استنفورد و زانکۆی ئەمریکی لۆبنانی و چەندین زانکۆی ناوداری تر. ناوبراو کە لە تایبەتمەندێتی خۆی بە یەکێ لە شارەزاترین و بەرچاوترین توێژەرەکان دەناسرێت لە ماوەی سی ساڵی رابردوو خاوەنی سەدان توێژینەوەی زانستی و دەیان کتێبی دەوڵەمەندی مێژوویە کە جگە لەم کتێبە دەکرێ بە کتێبەکانی وەک: خوێندنەوەی مێژوو لە نێوان نەتەوەگەرایی و ئایین، مێژووی دەوڵەت و نەتەوەی عەرەب (١٨٢٠- ١٩٨٠) دەوڵەت و کۆمەڵگا لە سوریا و لۆبنان (١٩١٩-١٩٩١)، مێژووی بناژووخوازی ئیسلامی، ئاماژە بکرێت.

ئەم کتێبە دەوڵەمەندە لە هەشت بەشی سەربەخۆ و هەر بەشێکیش لە چەند تەوەرێکی تێروتەسەڵ لە دووتۆی ٣٧٤ لاپەرە پێکهاتووە و بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لە ولاتانی رۆژهەلات و رۆژئاوادا بۆ چەندین جار لە چاپدراوە و خراوەتە بەر دەستی خوێنەر و توێژەرە مێژوویە کانەوە. بەشەکانی ئەم کتێبە بە جۆرێک رێکخراون کە نووسەر هەرلە سەرەتاوە باسی چۆنیەتی دروستبوون و سەرهەڵدانی بیردۆزە گرنگ و جۆراوجۆرەکانی هەستی نەتەوایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتی دەکات و ئینجا بە تیشک خستنە سەر بارودۆخی جیهانی عەرەبی هەر لە سەردەمە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتدارێتی ئیسلامییەوە تا دەگاتە دووا ساتەکانی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکان و ناسین و ناساندنی بیرمەندە گەورەکانی عەرەب تا گەیشتن بە سەربەخۆیی و سەردەمی دیمۆکراسی و لە باوەشگرتنی کۆمەڵگای مەدەنی بە وردی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەی زانستییەوە.

له **بەشی یەکەمی** کتێبەکەیدا نووسەری کتێب دوای چاوپێداخشاندنێکی قوول بە سەر بیردۆزی نەتەوایەتیی هەندێ لە بیرمەندە ناودارەکانی رۆژئاوا وەک: **ژان ژاک رۆسۆی فەرنەسی و ئیمانۆئیل کانتی بەریتانی**، هەوڵدەدات باسی ئەو بیرمەندانە بکات کە بەرهەمەکانیان کاریگەریی زیاتریان خستووتە سەر رەوتی بەرەوە پێشچوونی بیر و ئەندێشەی بیرمەندانی عەرەب و بە تایبەت جوولاندنی هەستی نەتەوایەتی لە جیهانی عەرەبیدا. بە باوەڕی ناوبراو سێبەری بیردۆزەکانی **"ئێرنێست رێنان و جان ئۆستۆوارت میل"** پتر لە بەرهەم و ئەندێشەکانی رۆسۆ و کانت بە سەر گۆڕانکارییەکانی مێژووی هاوچەرخی جیهانی عەرەبیدا زاڵە. چوونکە ئەم دوو بیرمەند و فەیلەسۆفە پێیان وابوو کە ژێرخانی هەستی نەتەوایەتی لە سەر بناغەی پێوەندییەکانی نەژاد، زمان، مێژوو، جوگرافیا، دین و ئایین، کلتوور، هونەر و بە تایبەتی پەروەردەکردنی جیلێکی نوێ بە مەبەستی تێکۆشان بۆ مسۆگەرکردنی داهاتوویەکی هاوبەش لە چوارچێوەی کیانێکی سەربەخۆ، دادەرێژرێت.

نووسەر لەم بەشەدا بە سوودوەرگرتن لە کتێبی بەناوبانگی **"گەلەکان و نەتەوەگەرایی"** نووسینی پرۆفێسۆر هابسباوم هەر لە ساڵی ١٧٨٠ بە دوواوە زۆر بە شارەزایی پەردە لە سەر پێوەندییە دێرینەکانی گەلی عەرەب و ئایینی ئیسلام لە ناوچەی عەرەبیدا هەڵدەداتەوە و پێی وایە کە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی لە ناوگەلی عەرەب بۆ سەرەتای لاواز بوون و داڕمانی ئیمپراتۆری عوسمانییەکان لە کوتایی سەدەی نوزدەهەم دەگەرێتەوە.

**بەشی دووەمی** ئەم کتێبە بۆ مێژووی کونی گەلی عەرەب تەرخان کراوە. نووسەر لەم بەشەدا بە سوود وەرگرتن لە بیرۆکەی مێژوونووسە بەرجەستەکانی عەرەبی لە وانە: محەممەد عزەت دروزە (١٨٨٧-١٩٨٤) و دەروێش میقدادی (١٨٩٨-١٩٦١) مێژووی دێرینی گەلی عەرەبی بە سەر چووار قوناغ دابەشدەکات لە وانە:

١. مێژووی عەرەب بەر لە سەرهەڵدانی ئیسلام.
٢. بە دیارکەوتنی ئیسلام و بلاوبوونەوەی لە جەزیرەی عەرەبی.
٣. فراوانخوازی عەرەبەکان و دامەزراندنی فەرمانڕەوایی ئۆمەوییەکان و عەبباسییەکان.
٤. شەڕی خاچپەرستەکان و چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا.

نووسەر لەم بەشەدا لە هەر قوناغێکدا زور بە وردی تیشک دەخاتە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شارستانییەتی جیهانی عەرەبی و هۆکارەکانی سەرکەوتن و داروخانی فەرمانڕەواییەکانی عەرەب دەخاتە بەر باس و گفتگۆیەکی تێر و تەسەڵ و لە هەمانکاتیشدا هۆکارەکانی درەنگ بە ئاگاهاتن و هۆشیاربوونەوەی گەلی عەرەب و سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی بە نسبەت گەلانی تری رۆژهەڵات و رۆژئاوا باسدەکات.

**بەشی سێیەم** باس لە هۆکارە کلتووری و سیاسیەکانی دروستبوونی شووناسی عەرەبی دەکات. بە باوەڕی نووسەر، بە رووخانی خەلافەتی عەبباسی بە دەستی سەرداره مەغۆلەکان لە ساڵی ١٢٥٨. رۆژ لە دوای رۆژ هێز و توانای سیاسی – سەربازیی عەرەبەکان لە جیهانی ئیسلامیدا کەم دەبێت و روو لە کزیی و لاوازیی دەکات و لە هەمانکاتدا دەسەڵاتی تورکەکان و فارسەکان بە پەلە بۆشایی عەرەبەکان

پڕ دەکەنەوە و فەرمانڕەوایەتییەکانیان لە ناوچەیەکی بەرفراوان بنیاد دەنێن. لەم کات و ساتەدا تەنیا و تەنیا زمانی عەرەبی وەک زمانێکی دەوڵەمەند و بەهێز بە سوود وەرگرتن لە پاڵپشتی ئایینی ئیسلامەوە بوو بە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی مانەوە و پێکەوە بەستنی سەرجەم گەلانی ناوچەکە بە عەرەبەکا نیشەوە.

لەم ماوە دوور و درێژەدا ئەگەرچی عەرەبەکان لە لایەن رکەبەرانی ناوچەکە چیتر دەرفەتیان بۆ هەڵناکەوێ و نەیانتوانی حکومەتێک بە هەموو تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی عەرەبی بۆ خۆیان دابمەزرێنن، بەڵام مانەوە و دەوڵەمەندبوونی رۆژ لە دوای رۆژی زمان و ئەدەبی عەرەبی وەک زمانی رەسەنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و تاکە کۆڵەکەی هاوبەشی دەوڵەتانی هەڵگری ئاینی ئیسلام تا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بە دوواوە ببێتە یەکێ لە فاکتەرە گرنگ و سەرەکییەکانی زیندوو بوونەوەی شووناسی عەرەبەکان.

لە درێژەی ئەم بەشەدا نووسەر باسی بیرۆکەی ژمارەیەک لە بیرمەندە عەرەبەکان بە تایبەتی **عبدالرحمان الكواكبي** (١٨٤٩-١٩٠٢) و کتێبە ناودارەکەی بە ناوی **"طبايع الاستبداد"** دەکات کە لە دژی دەسەڵاتی ستەمکاری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم نووسراوە و تێیدا تیشک دەخاتە سەر ئەم راستییە کەوا عەرەبەکان تەنیا و تەنیا بە خۆیان بەرپرسی ئێستا و داهاتووی خۆیانن و هیچ کەسێک لەم نێوەندەدا بەرپرسیارنییە، بۆیە دەبێ پشت بە هێز و توانای خۆیان ببەستن و دەست بکەن بە بزاڤێکی نەتەوەیی هەمەگیر، بە سوود وەرگرتن لە هۆکارە سیاسیی و ناوچەییەکان.

لە کوتایی ئەم بەشەدا نووسەر باسی ڕەوتی دروستبوونی پارتە سیاسییەکانی هەندێ لە ولاتانی عەرەبی وەک میسر، سوریا، عێراق و لوبنان دەکات و هاوکات تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی سەر هەڵدان و چەکەرەکردنی بزووتنەوەی وەهابی لە جەزیرەی عەرەبی و لە کوتاییدا شێوازی دامەزراندنی یەکێتی عەرەب لە ٢٢ ئاداری ١٩٤٥ لە نێوان ولاتانی عەرەبی دەکات.

**بەشی چوارەمی** کتێب بە تەواوەتی تەرخانکراوە بە ژیان و بەرهەم و کەسایەتی بیرمەندی ناوداری عەرەب **"ساطع الحصري"** و باسکردنی بیر و ئەندێشە دەوڵەمەندەکانی ناوبراو و کاریگەریيان لە مەر سەرهەلدانی هەستی نەتەوایەتی و ڕەوتی بەرەو پێشچوونی ئەم هەستە لە ناو گەلانی عەرەبی ناوچەکە. بە باوەڕی نووسە حەسری دوای هەستکردن بە هێز و توانای زمان و ئەدەبی دەوڵەمەند و مێژووی دێرینی عەرەب هەوڵێکی زۆری داوە تاکۆ بە سوود وەرگرتن لەمانە، کە بە کۆلەکەی زێڕین و مانەوەی گەلی عەرەب دەزانی هاوکات و تێکەڵکردنیان بە تەجربە دەوڵەمەندەکانی نەتەوەگەرایی لە ولاتانی رۆژئاوادا، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی سەروەریی هەتاهەتایی و خۆرزگارکردن لە ژێر سێبەری داگیرکەران، گەلانی عەرەب بەرەوە وەرچەرخانێکی بنەڕەتی هانبدات.

**بەشی پێنجەم** باسی سیستمی سیاسی لە ولاتانی عەرەبی و چۆنیەتی تێگەیشتن لە چەمکی دیمۆکراسی و بە کارهێنانی شێوازەکانی حکومڕانی لە نیشتمانی عەرەبی دەکات. لەم بەشەدا نووسەر بە لە بەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتی ناوچەکە لە گەرمەی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٧ئۆکتۆبەری ١٩١٦باسی بەدیارکەوتن و گەشەسەندنی پارتە سیا

سییەکانی کۆمۆنیستی (شیوعی) لە نیشتیمانی عەرەبی دەکات و هۆکارەکانی دروستبوون و چەکەرە کردنیان لە ناو چینەکانی کۆمەڵگای عەرەبی بە وردی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە. ئینجا دەرئەنجامی هەر دوو جەنگی ماڵوێرانی یەکەم و دووەمی جیهانی و کاریگەرییان بە سەر نیشتیمانی عەرەبیدا و دەستێوەردانی وڵاتە زلهێزەکان لە سەروویانەوە بریتانیا و فەرەنسا بە مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ناو جەرگەی ولاتە عەرەبییەکان و رەنگدانەوەی لە سەر رەوشی ناجێگیری ناوچەکە شرۆڤە دەکات.

**بەشی شەشەم** هەڵگری دوو بابەتی گرنگ و کاریگەرە لە نیشتمانی عەرەب کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ژمارەیەک لە ولاتانی عەرەبی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، کە بریتینە لە: دروستبوونی رێبازی ناسریسم لە وڵاتی میسر دوای سەرکەوتنی شۆرشی ١٩٥٢ و کاریگەریی لە سەر گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە ناو گەلانی ناوچەکە و هەروەها دروستبوون، چەکەرەکردن و هەڵبەز و دابەزی حیزبی بەعس لە سوریا و عێراقدا. بە باوەری نووسەر کودتای ئەفسەرانی ئازاد لە میسر پتر لە وەی کە بزاڤێکی ئیدۆئۆلۆژیک بێ، یاخیبوونێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو لە دژ گەندەڵی و لاوازیی سیستەمی پاشایەتی، بەلام لە بەر ئەوەی، کە ئەم بزاڤە لە لایەن کۆمەڵگای میسر ییەوە پەسەند کرا، ئەفسەرانی ئازاد بە سەرۆکایەتی جەمال عەبدوناسر سواری پەلی گورانکارییەکان بوون و جلەوی دەسەڵاتیان گرتە دەست و هاوکات بە هۆی سەرکەوتنیان لەم شۆڕشەدا گورِوتینێکی بە هێزیان دایە هەست و نەستی هاولاتیە عەرەبەکان بۆ برەودان بە رێڕەوی هەستی نەتەوایەتی عەرەبی لە ناوچەکە.

لە درێژەی ئەم بەشەدا نووسەر باسی چۆنیەتی دامەزراندنی پارتی بەعس لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری دیمەشق لە لایەن دوو مامۆستای سووری بە ناوی **"میشل ئەفلەق و سەلاحەددین بەیتار"** دەکات. دیارە ئەم پارتە دوای پێنج ساڵ و لە ساڵی ١٩٥٢بە تێکەڵبوون لە گەڵ پارتی سۆسیالیستی عەرەبی ناوی خۆی گورِی بە پارتی بەعسی سۆسیالیستی عەرەب و زۆری پێنەچوو لە وڵاتانی عێراق، لوبنان و ئۆردون لقی کردە و هەوڵی دەدا، کە بە هۆی چالاکییەکانی لە ناو ئەو ولاتانەش بوونی خۆی بسەڵمێنێ، بەڵام لە راستیدا بڵاوبوونەوە و درەوشانی ئەستێرەی ئەم پارتە لە نیشتیمانی عەرەب لە دوای ساڵی ١٩٧٠بە دیار کەوت.

**بەشی حەوتەم** باسی رووداوەکانی دوای مردنی جەمال عەبدوناسر و کاریگەری بۆشایی نەمانی ئەم سەرکردە نەتەوەییە لە سەر رەوتی ئەوکاتەی نەتەوەگەرایی لە نیشتیمانی عەرەبی دەکات. الشویری لاوازبوون و پەرتەوازەیی نەتەوەگەرایی عەرەبی لە دوای مردنی ناسر، بە کارێکی ناپەسەند دەزانێ چونکە پێی وایە دوای نەمانی ناسر ژمارەیەک پارت و گروپی جۆراوجۆری سیاسی لە ناوەوە و دەرەوەی میسر بوونە هۆی بە لارێداچونی رەوتی نەتەوەگەرایی عەرەبی. بە باوەڕی ناوبراو لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو بە هۆی زیادبوونی باڵادەستی سعودیا و ولاتە زەنگینەکانی کەنداو و رووتێگرتنیان بە بوارەکانی گەشە پێدانی ئابووری و دەستەمۆکردنی دەسەڵات لە ناو بازنەی بنەماڵەکانیاندا، نەتەوەگەرایی عەرەبی رۆژ لە دوای رۆژ لاوازتر و بێ گۆڕوتینتر دەبێ و هاوکات کۆمەڵێ بابەتی تر وەک پرۆژە ئابوورییەکان و

هاوپەیمانی سیاسییەکان شوێنی هەستی نەتەوایەتی دەگرێتەوە. بە باوەڕی نووسەر هەر لەو کاتەوە تاکۆ ئێستا بزاڤی نەتەوەگەرایی لە نیشتمانی عەرەب سێ ڕەهەندی بەخۆیەوە گرتووە کە بریتینە لە:

١. ڕەهەندی فەرمیی دەوڵەتانی عەرەبی، کە هەر کامە بە تێڕوانینی خۆیان کاری لە سەر دەکەن و حەزیش ناکەن یەکێتییەکی بەرفراوان لەم بوارەدا سەر بگرێ.
٢. ڕەهەندی نەتەوەگەرایی عەرەبی لە سەر بنەمای ڕێبازی مارکسیسم و سۆسیا لیستی، کە دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت زۆر لاواز بووە.
٣. ڕەهەندی نەتەوەگەرایی عەرەبی نوێ، کە لە سەر بنەمای گۆڕانکاری جوگرافیایی و ئابووریی، فەرهەنگی و نەتەوەیی لە جیهانی عەرەبی باوەڕی بە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی هەنگاو بە هەنگاوە.

**بەشی هەشتەم** کە دووا بابەتی ئەم کتێبەیە باس لە تێگەیشتن چەمکی دیمۆکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی لە ناو کۆمەڵگای عەرەبی و هەروەها و چۆنیەتی بە کارهێنانی ئەم چەمکانە لە ناو دام و دەزگا حکومییەکانی ولاتانی عەرەبی دەکات. بە باوەڕی ناوبراو لە سەردەمی نەتەوەگەرایی جەمال عەبدوناسر و بە پێ گەلالەنامەی نەتەوەیی ئەو کاتە، ئازادیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە مەرجە بنەرەتییەکانی دیمۆکراسییەکی ساخلەمی سیاسی بوون، بەڵام لە دەسپێکی هەشتاکاندا بەرە بەرە دیمۆکراسی سیاسی و ئابووری پێکەوە کار بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسیی دەکەن.

چەمکی کۆمەڵگای مەدەنیش بۆ یەکەم جار لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو پێی ناوەتە ناو قامووسی سیاسی ولاتانی عەرەبیدا. بۆیە هەندێ لە حاکمانی ناوچەکە دوای هەستکردن بە گورانکارییە جەزرییەکانی بواری زانست و تکنۆلۆژیا، بە مەبەستی دووانەکەوتن لە ڕەوشی بەرەوپێش چونی ئازادیی و دیمۆکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەوڵیان داوە بەرە بەرە بە هۆی کۆمەڵێ گۆڕانکاریی لە سیاسەتەکانیان بوار بخۆلقێنن بۆ چەسپاندن و کاراکردنی پێداویستییەکانی کۆمەلگای مەدەنی لە ولاتەکانیان تاکۆ رێگە بگرن لە ئالۆزی و پەشۆکاوی ناوخۆیی بە تایبەتی دوای گشتگیربوونی شۆڕشی زانیاریی لە سەرەتای هزارەی سێیەم و گەشەسەندنی هەرە خێرای هۆیەکانی پێوەندیگرتن لە ناو کۆمەلگا و دەسپێکی قوناغیکی نوێ لە کار و چالاکی تازە و سەردەمیانە. بۆیە بە سوود وەرگرتن لە کایەکانی سەردەم و بە پێی نەخشەرێگایەکی سەردەمیانە و بە هۆی بە ئەنجام گەیاندنی خێرای کۆمەلێ پرۆژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەوڵیان داوە بۆشاییەکانی ناو کۆمەڵگاکانیان بە باشترین شێوازی بەردەست پڕ بکەنەوە و رێگە لە لاوزبوونی هەستی نەتەوایەتی لە ناو بازنەی تەسکی وڵاتەکەیاندا بگرن.

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بلێین ناوی کتێب لە گەڵ ناوەڕۆکی دەگونجێ و نووسەر لە دارشتن و شرۆڤەکردنی زانستیانەی بابەتە گرنگەکانی تایبەت بە نەخشەرێگای ئەم کتێبە تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتووانە ئامانجەکانەی خۆی پێکاوە و بە سوود وەرگرتن لە رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و بە کارهێنانی شێوازەکانی ئاکادێمی و بە زمانێکی پاراو تیشکی خستۆەتە سەر بابەتە گرنگەکانی وەک سەرهەڵدان و گەشەسەندەنی هەستی نەتەوایەتی و ئینجا دروستبوونی ئۆمەی عەرەبی و کاریگەریی نەتەوەگەرایی لە ناو دەوڵەتانی نیشتمانی عەرەب. رەوایە بلێین کە نووسەر بە هۆی شارەزابوون لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و پسپۆڕێتی لە زانستی رۆژهەڵاتناسیدا و تجربە دەوڵەمەندەکانی خۆی لە

لێکۆڵینەوەی بەردەوام و وانەگووتنەوە لەم بوارەدە لە بە کارهێنانی ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی بیانی لە میانەی نووسینەوەی ئەم کتێبەدا، ناوەڕۆکی بابەتەکانی تا ڕادەیەکی زۆر، دەوڵەمەندتر و ئەنجامەکانیشی پوختتر کردووە.

نعمەت شەهاب کەوانی